www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:16 27-9-2006

# ئەو ساتەی دنیا ئارامە... چیا یاسین

ئەو کاتەی دەنگمان لەگۆ دەکەوت، هەستەکانمان دەبزوا، ئەوان لەگەلڕ یەکتر دەئاخاوتن، بەبڕا ئاگای ئێمە لێك نزیك دەبونەوە هیچ سنورێك لە نێوانیاندا نەدەما، هەمیشە ئەوساتانە ئارام بوون شادمان بوین.
هەڤاڵم هەتا کۆتایی ژین هاورێی ژیانمی، چونکە خۆت ئەوەت ویست و خواستت کەهاورێی ژینم بیت، هەتا هەتایە، سوپاسی دڵفراوانیت دەکەم، لەیادمە زۆرجار دەرگام بەتوندی بەهەستەکانت و بەدڵتدا دادەخست، زۆر بڕ ڕەحمانە و دڵسۆزانە وەلامم دەدایتەوە، روم لێوەردەگیرایت، بەلاّم هەر تۆ بویت هەمیشە زۆر بەهێمنی و لەسەر خۆ و بەهێواش کەرانەچلەکێم دەهاتیتەوە و دەهاتیتەوە، بەلاّم ئەمجارە لەدەرگای عەقڵ و بیرکردنەوەمەوە هەنگاوت دەناو خۆت سەپاند، دڵم تۆیی نەدەویست، هەستەکانم بەنەبوو لەقەڵەمیان دەدایت هەندێك جاریش بەبێزارکەر، بەلاّم ئەو کاتەی کەجاربەجار دەست و نەخشە ڕەنگینەکانت نامە پڕهەستەکانتم دەخوێندەوە کەجوانترین مروتومووبان بۆگەردنم و بۆدەست و پەنجە نەرمەکەم و مەچەکە لاوازەکەم دەهۆنیەوە و زۆر لێزانانە ڕست ڕست دەتچنی، گەلێك لەئەڵماس بەشەوق تر و گرانبەهاتر بوون، بەلاّم هیچ کامیان لەو تاجەی کەناتە سەر سەرم جوانتر نەبوون، کەهەرگیز دایناێم تەنانەت لەکاتی نوستنیشدا، تاجی متمانە بەخۆ، کە تا ئەبەد لە سەر سەرم دەدرەوشێتەوە.
پەشیمانم کەرۆژێك لەرۆژان لێت تورە بووم کەقسەی ناشایستەم لەروی بێگەردت کردوە، دڵی پڕ جۆشتم سارد کردبێتەوە، ئەو کاتانەی کەتورەیی بەرچاوی ڕەش دەکردم تۆش دەبویتە تارماییەك کەهەمیشە سڵم لێدەکردیتەوە لەناو ئەو تاریکییەدا، نەمدەزانی لەکوێوە هاتویت و بەگومان بووم کەبۆچی هاتویت، بەلاّم هەر کۆڵنتەدا و هەمیشە لەهەوڵدا بویت کەخۆت بکەیتە رۆشناییەك بۆ چاو و رۆحم، رۆحی خۆتت دەسوتاند تابەردەمی منی پێ رۆشن بکەیتەوە.
ئێستا دەمەوێت ئەو نهێنیە بزانم.. دەمەوێت شیکارێك بکەم بۆئەو کۆششەی لەگەلڕ مندا کوشییت، بۆ گۆڕینی خۆت و چەسپاندنی ناخت لەناخمدا بۆهێنانەوەی رووی وەرگێراوم بەرەو روخسارت، تا لەخاڵێکدا بەرامبەر بە یەکتر نیگا بکەن، تائەو هەموو سۆزەی لەچاواننتایە لەرێگەی رۆژنەی چاوانمەوە بگەیەنییتە ئەو بەشەی دڵ کەجیگەیەك تەرخان بکات بەرامبەر بەهەستەکانی تۆ، واتکرد سۆزت پانتایەکی زۆری لەناو دڵ و رۆح...مندا چەسپاند، واهەست دەکەم کەسۆزم لی دەتکی، بەبڕا ئەوەی بەخۆم بزانم نەك تەنها بەرامبەر بەتۆ بەڵکو بەرامبەر بەشتە بێگیانەکانیش، پاش ئەوەی دڵنیابویت سۆز هەموو جەستە و هەناومی نەخشاندوە، ئینجا ئێستا پێکەوە لەسەر رێرەوێك من و تۆ... تەنها من و تۆ... کەسی تر لەسەر رێچکەی من و تۆ نیە، کەس لەپێشمانەوە ڕەوت ناکات، ڕەنگە پاش چەندین ساڵ ئینجا دووکەسی تر وەك من و تۆ، دووپەپوولەی هێمن، دڵفراوان وەك تۆ شیرین وەك من و تۆ پڕسۆز لەدوایی ئێمەوە ورد ورد بێنە سەر تولە رێگەی ئێمە، ئەو سۆزەی لەئێمە ڕژاوە ببێتە رێنیشاندەری ئەوان، ئەوانیش لەپاش خۆیان سۆز بیرێژن بۆ ئەوانەی دوای خۆیان، بەلاّم دڵنیام ئەوان قەد لەمن و تۆ ناچن قەد کورەکە وەك تۆ تێی نەکۆشاوە و قەد کچەکەش وەك من دڵ ڕەق نەبووە لەگەڵیا، وەك ئەوەی ...کەوابوم، بەلاّم ئێستا هەتا ماوم سات لەدوای سات دەتوێیتەوە هەموو دەمبڕا چاوەکانم کزەیان دێت بۆ ڕوانینت، پەنجەکانم چاوەڕێتن، هەرچی ڕۆحمە لەپاڵ رۆحتدا ئارامە، ئێمە دورین، زۆر دورین بەجەستە، بەلاّم هەستەکان هەموو من و تۆ یان بە یەکتر ئاشنا کردوەو و بوینەتە روحێك لە ناو دوو جەستەدا، ئێمە لەکەیەوە یەکتردەناسین؟؟ ئێمە نیوەی سەدەیەکە نانا !! نیوەی هەموو ئەو ساڵانەیە کە مرۆڤایەتی تێدا خوڵقاوە، ئێمە زۆر دەمێکە یەکتر دەناسین، بەلاّم هەر دەزانین هێشتا سەرەتامانە، هەمیشە داوای تەمەنێکی درێژتر دەکەین، تابتوانین زیاتر دەنگی یەکتر و سۆزی یەکتر شادی بەیەکتر ببەخشین.

Sarchnar_chia@yahoo. com